دۆمەینی نوێی رووبەرنێت کەوتەکار
www.rubernet.net
لە مەودوا ئەم دۆمەینە تازە ناکرێتەوە

گەڕان



59
2011 / 4 / 19

» خوێندنەوە
ئەرشیف

دیمانە

- ئازاد بەرزنجی: زەحمەتە بتوانین بڵێین لەکۆمەڵگەی کوردیدا بیرمەندمان هەیە
- ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل: پێموانییە زمانی کوردی لەبەردەم گەیاندنی هزرو فەلسەفەدا ڕێگربێت
- عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ) : ئەوە ڕەخنەی ئەدەبییە هەوڵی ڕاستکردنەوەی چێژی خوێنەر ئەدات
- عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ) : تائێستا لە رۆمانی کوردیدا شێوازێک نییە بەناوی رۆمانی رۆمانسی
- ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل: رۆژانە کاری فیکری تازە دەبینم
- محەمەد مەسعود محەمەد: ناهێڵم بەهۆی یادکردنەوەی باوکمەوە ویسکی بخورێتەوە و پارە بدزرێت
- شیعر نامرێ....گفتوگۆ لەگەڵ سەلاح فەزڵ....و: سەنگەر زراری
- جەعفەری حوسێنپوور(هێدی): کۆمەڵگەکەمان کۆمەڵگەیەکی ئیحساسییە نەک فیکری

دۆمەینی نوێی رووبەرنێت کەوتەکار
www.rubernet.net

شیعر




بۆ پیاوە سپییەکە. بۆ پیاوە جوانەکەی شیعر بۆ ئەو مرۆڤەی سەری بەدیار خەمەکانی نیشتمانەوە سپی کرد بۆ (عەبدوڵڵا پەشێو)... نووری بێخاڵی
2010 / 8 / 18

ئاسان نییە نیو سەدە غوربەت و داری گەنجێتیت نەچەمێتەوە.
ئاسان نییە نیو سەدە هۆنینەوەی پرچی شیعر بە دیار ئاشت بوونەوە بە دیداری مەعشوقێك، کە گەنجێتی و ژیانت بۆی هەڕاج کرد، مەعشوقەکەشت هەر بێ ناوونیشان و سەری سوڕماوی ژێر دوو پەرچەم و تارا بێت.
ئاسان نییە نیو سەدە ئەم کەوشەن ئەو کەوشەن پێکردنی جانتایەك بیرەوەری کۆچێکی قەرەجانە بەدوای خەونی ئازادی، ئێستاش دوو دڵ لەوەی بێیت و جانتای بیرەوەرییەکانت بدەیتەوە دەست قەدەرێك کە نازانی بۆ کوێت دەبا. ئاسان نییە نیو سەدە گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارەکەی ( ڤالیا) ، کە ئاخۆ لەکام هەسارە و لە ڕەحمی کام خێوەوە کەوتوویتە سەر زەوی، کەچی تازە بەتازە لە پاسپۆرتەکەت دەنوسرێ نەوەی قەعقاع و کوڕی رافیدەین. ئاسان نییە نیو سەدە وانەکانت دەستاو دەست بکەن و هێشتاش منداڵەکانی بابەگوڕ لەسەر سنگە نەوتاوییەکەی شارەکەیاندا، بە حەسرەت ڕەحمەتی دۆلارێکی شەریکەی نەوتی شیمالەوە بن، تا شەقامێکی لە خوێن گەوزاوی ڕەحیماوایان بۆ قیڕ بکات.
ئاسان نییە نیو سەدە غوربەت و هێشتا بستە زەوییێك نەبێ وەفدەکان بێن و چەپکە گوڵی وەفا بنێنە سەر گۆڕی سەربازە ونەکانی نیشتمان.
ئاسان نییە نیو سەدە دوای موعجیزەی زیندووکردنەوەی ( حاجی) لە قەبردا، کەچی هێشتا نیشتمان دوو ڕەنگ و حکومەت دوو گیرفان و سەنگەر دوو فەرماندە و ئاساییش دوو دەزگان!!
ئای کە ماندوویت، ئای کە خەمی نیشتمان و خاکی ئازیزانی وڵات، خەون و خەیاڵیان تۆراندوویت.
ئەوە نییە بەو زستانی تەمەنتەوە، بەو تەمتومانی سەرتەوە سەرخەوێکی خۆش ناشکێنیت، وەنەوز چاوانت بەرنادا و بە خەیاڵ و لە خەویشدا چاو و گوێچکە و هەستەکانت بۆ سۆراخی هەواڵی بوون بە خاوەن وڵات لە کەمینی دەنگوباس دان و لە فاڵگرتنەوەشدا بیر لە چارەنووسی تاکێتی خۆت ناکەیتەوە و ناو لەپت تەنیا نەخشەی نیشتمان دەخوێنێتەوە و لە پەیامێکتدا بۆ قەرەجێك دەڵێی:

**بەس تەماشای ناو لەپم کە!**
**خۆ من نامەوێ پێم بڵێی،**

**دەبم بە باوکی چەند منداڵ،**
**زەنگین دەبم، یان هار و لات..**
**تەنیا شتێکم پێبڵێ:**
**هەتا ماوم وەك تۆ دەژیم،**
**یاخۆ دەبمە خاوەن وڵات؟!**

تێناگەم گەیشتن بە وڵات لای تۆ چ مانا و ڕەهەندێکی هەیە؟ ئایا گەیشتن بە نیشتمان بە تەنها ئەوەیە لە باوەشیدا بخەوی، یان گەورەتر ئەوەیە لە هەموو سەفەرە کۆچەری و قەرەجییەکانتدا بیخەیتە جانتاکەتەوە و شەو لە خانوچکەیەکی غوربەتدا بیکەیتە چرای



مالی خامۆشان و لەسەر سەرەدا برسێنینی پێ بشکێنی؟! مەگەر ئاوێتە بوونی نیشتمان هەر لەو رۆحە سەرکەش و یاخییەی تۆ و ئەو هەناسانەتەوە نادۆزینەوە کە بۆتە بەشێك لە خۆت، نیشتمان بۆتە سێبەرێك و لێت نەبۆتەوە، ئیتر بۆ دەبێ هێشتا قەناعەت نەکەیت و بڵێی:

**هاکا دیتت پێك گەیشتین،**
**هاکا دیتت ئاوێتە بووین**
**وەك تانوپۆ!**
**ئەوسا هەموو زمانان لەبیر دەکەم،**
**لەگەڵ تۆدا:**
**هەر بێدەنگی دەهێنمە گۆ!**

من دەزانم ئێستاش چاوی شین و سەوزی کچی ئەوڕوپایی لە خەیاڵتدا مێرگ و کانییەکانی نیشتمانت بیر دەخەنەوە، دڵنیام لە چاوی تۆوە سنوری دونیا و بناری هەموو چیاکان لە کەوشەنی لە خاچدراوی نیشتمان و لوتکە و هەڵەموتەکانی وڵاتەکەت دەست پێدەکەن.

ئەی کۆچەری دوای خەونی ئازادی، ئەی دێوەرەی نێو کۆڵانەکانی غەریبی، سەیرم پێ دێت تا ئێستا چۆن توانیووتە شەڕی مەرگ و شەڕی تەنیایی بکەیت و پشتی خەمەکانت نەچەمێتەوە؟ چۆنە هێشتا قیت قیت وەك لوتکەی هەڵگورد بە پێوە و بە خوڕ وەك خابوور و سیروان دڵت لە لێدان ناکەوێ؟

کە دەگەڕێمەوە سەر ئەلبومی یادەوەرییەکان و پیاسەیەك بەناو کۆڕ و حەشاماتەکانی گڵکەند و هۆڵی میدیا و کۆڕەکانی دیکەی نیشتمان و هەندەرانتدا دەکەم و چاو بەو وێنە و دیمەنانەدا دەخشێنم کە لاوان لە باوەشت دەگرن و ماچ بە کولمەتەوە دەکەن و فەرشی گوڵ و خۆشەویستیت بۆ رادەخەن و شەلاڵی چەپڵەت دەکەن، دۆش دادەمێنم و خوێنی هیوا سەرلەنوێ و بە گوڕتر لە خوێنبەرەکانمدا بە خێرایی گوزەر دەکات و پڕ دەبمەوە لە ئومێدی گەیشتن بە ترۆپکی ئاسۆ..

ئای چ دیمەنێکی جوانن، وەك ئەوەی هەواڵی دۆزینەوەی گەنجینەیەکیان بەرگۆی کەوتب ی، وا بە هەڵە داوان و لەبەر ڕێژنەی باراندا پۆل پۆل کچ و کوڕانی نیشتمان بە حەسرەتەوە رێی گوێگرتنی تۆ دەگرنە بەر.. ئەو جۆش و خرۆش و پەرۆشیەی ئەوان لە سادەترین مانادا، گەورەیی و خۆشەویستییانە بۆ پەشێو، لەویش گەورەتر عەشق و تێنوێتیانە بۆ راستگۆیی و هەڵوێستی پەیڤەکانی ئەو.. ڕەنگە دیوێکی تریشیان ختوکەی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئینتمایان بێت بۆ کوردبوون، کە بەڵگە و گەواهی ئەوەیە چەوتی و چەوێڵی و نابەرابەرییەکانی ژیانی رۆژانەیان لەو هەستەیان خاڵی ناکەنەوە، چوون ئەوان وەك نەوە و هەناسەی نوێ، بەردەوام پڕن لە خەون و لێوانلێون لە هیوا..

ئەگەر دوێنێ پەشێو و شیعرەکانی چیرۆکی بەر ئاگردانی ماڵی تێکۆشەران و شەوچەرەی زارۆ و منداڵی نیشتمانپەروەران بوون... ئەگەر ئەوێ دەمێ پەیڤەکانی ئەو نوقڵی نێو پریاسکە و هەگبەی پێشمەرگە و گوڵی سووری دەستی عاشق و ئەویندارا ن بوون..ئەگەر ئەوێ رۆژێی ساتی تاریکستان و ژێر ستەمی داگیرکاری، بەستەکانی ئەو چرای دەستی رێبوارانی کاراونی ئازادی بووبن، ئەوا دیمەنی کۆڕەکانی پەشێو لە کوردستان، کە ژیان و وڵاتیان کردووە لە جوڵە، گەواهی ئەو راستییەن کە تا ئەم چرکەساتەش شیعرەکانی

سروودی ئازادی و سەربەخۆیی و دادوەری و ژیاندۆستین. ئەمێستاش وشەکانی تنۆك تنۆك ئاونگی کورد بوون و یەکبوون، نم نم شەونمی عیشق و مرۆڤدۆستی و هیوایان لێ دەتکێ.. هەنووکەش هۆنراوەکانی، هەڵوێستە شیعرییەکانی چقڵی چاو و تانەی لێو و زێروی خوێنی بن زمانی زۆر لەوانەن کە دەیانەوێ مەحکوممان کەن بە کۆیلەیی و دیلی و رادەستی قەدەری گەمژەیی و دەبەنگی و بێدەنگیمان کەن.

چ سروتێکی عاشقانەن ئەو لە حزانەی ئێوارە کۆڕی پەشێو.. چ ژوانێکی گەرمن ئەو هۆڵانەی پەشێو پڕیانی کردوون لە هەڵوێست و گەنجان کاسیان دەکەن لە چەپڵەڕێزان.

چ موژدەیەکی ئومێدبەخشن، بەوەی ئێستاش خوێنێکی نوێ بە گوڕێکی نوێ لە ناو جەستەی کوردبووندا فوارە دەکات و نەوەیەك خەونەکانی لە پێش خۆی گەورەتر و دونیابینیەکانی فراوانتر، ها دەست لە سەر دڵ بۆ نیشتمان و نەتەوە، نەوەیەك هیچ سیحر و جادوێکی بازاڕی سیاسەت. بڕوای ئەوەی پێ ناهێنێ مێژوویەکی بریندار لە بیر بکات و ساویلکانە بکەوێتە داوی درۆی شاخداری برایەتی کلتوری بیابان و شمشێر و غەزو و ئەنفال.

سادەیی پەیڤ و گوزارشتەکانی پەشێو، بەرهەمی خاکەرایی و سادەیی خۆیەتی، کە وەك خۆیشی دەڵێ: ئەو هەمیشە سادەیە وەك ڕەنگ و ناوی نیشتمانەکەی.. هەناسە شیعرییەکانی جوڵە دەبەخشنەوە بە ژیان و گەرمی دەدەنەوە عیشق و هێز دەدەنە تێکوشان.. وێنە و ئیماژەکانی رەونەقی شەفەقی ئەو سپێدانەن، کە بەردەوام مژدەی رۆژێکی نوێ و ئاسۆیەکی گەش لە هەگبەیاندایە.. ستاتیکای شیعری پەشێو راستگۆیی لە عیشق و هەڵوێستی مرۆڤبوونیان دایە ئەوێکی تووڕە لە ستەم و یاخی لە دروشمە

فریودەرەکان و ئاوداممان لە خۆشەویستی خاك و خاڵی لە ڕق و کینە و لێوانلێو لە سادەیی و تژی لە خەون و خولیا، بۆ خۆی کوتلەیەکە لە جوانی و ستاتیکا.

بەس نیە" سەربازی ون"     بۆتە ئەو سروودەی هەمیشە لە خەوی مێژوویەکی بریندار بێدارمان دەکاتەوە، مێژووییەك لە سەر شورەی کەلە سەر و فەرشی سووری بە خوێن چنراو بەرهەم هاتووە، ئەو سروودەی ناسنامەیەکی جاویدانی، نەك تەنها بە خودی پەشێو، بەڵکو بە مرۆڤی کورد و تەنانەت سروشتی کوردستانیش بەخشی...سروودێك لەو دیویەوە نهێنی مانەوە و بەردەوامبوونمانی حەشارداوە، هەر سیحرو تەلیسمی ئەو سرووده و بەهای ئەو ناسنامەیەیە، وا دەکات کە لە بری هەموومان زمانی پەشێو بپژێ و بڵێ:

**لە ئاسمانەوە نەهاتووم**
**من میوان نیم**
**من میوانی**
**سێبەر فۆرسی کوردستان نیم**
**بەر لە مێژوو**
**کانییەك بووم لێرە دەربووم**
**بەر لە مێژوو**
**ئاگرێك بووم لێرە هەڵبووم**

بەڵام کام بەرەبەیانی مێژوو؟ ئەو بەرەبەیانەی بە نوکی ڕم و تیغی شمشێر و سەعلوکەکانی بیابان سەفحەکانی سوور هەڵگەران.. کانییەك دواجار بۆ ئێمە سەرچاوەی خنکان و بۆ ئەوانیش ئاوی حەیات..ئاگرێك بۆ ئێمە سەرچاوەی سوتان و برژان.

ئەوانیش لەبەر رووناکی تیشکەکەیدا شەوەکانیان سوورتر.. کانییەك بەر لە مێژوو، تاکو ئەمڕۆ تینوێتی هیچ کاممانی نەشکاندووە و بە کامی دڵمان بینمان پێوە نەنا.

ئاگرێك ئۆقرەی لێ بڕین و نەیهێشت بۆ ساتێکیش بێت سەرخەوی ئاسودەیی بشکێنن، کەچی وێڕای هەموو ئەوانەش زەنگێك بوو بە هۆیەوە گوێچکەمان زرنگایەوە، کە ئەوەی وا دەکات تینوێتی لە کانیاوەکە بشکێنین و زەماوەند لە بەردەم تیشکی روناکی ئاگرەکە بگێڕین، بە تاڵکردنەوەی تەلیسمی ژێردەستی و بن چەپۆکی و داگیرکارییە، کە لە دوا وێستگەدا پەشێو دێت و پڕ بە گەرووی هاوار دەکات:

**قەرەج**
**ئاسمانی تۆ، بەر پێی خۆتە**
**سەرت ڕاخە، ملت کەچ کە**
**چاو مەگێرە**
**بۆ ئاسمان و ئەستێرە و خوا**
**ئەوەی بستێ زەمینی ئازادی نەبێ**
**خوا و ئاسمان و ئەستێرەی کوا؟!**

مەگەر تەنها شاعێرێکی جوانی ناس، هونەرمەندێکی دەست رەنگین، بتوانن گوزارشت لەو پەیوەندییە هارمۆنییەی نێوان پەشێو و ئامادە بووانی ئێوارە کۆڕەکانی بکەن..ئەوان هونەرمەند و شاعیر بێن و سیحر و تەلیسمی نێوان لەرینەوەی دەنگ و نەغمەی پەشێو و گوێی کاسی ئامادەبووان بدۆزنەوە.

ئەو ئێوارە پڕ بزوات و ژیانانە، ئەو سۆزە بریندارەی شاعیر و ئاوێتەبوونە روحیەی گوێگران، دڵنیامان دەکاتەوە، کە هێشتا نەوەیەك هەیە و نەوەی تریش ماون بە عیشقەوە ببنە کۆڕس و لە دوای پەشێودا ئەو ئاوازە بریندارە بڵێنەوە:

**کێ کڕیارە؟**
**هەر چیم هەیە**
**هەمووی تاڵان فرۆش دەکەم**
**کێ کڕیارە؟**
**دەی وەرنە پێش**
**فەرموون ئەمە گلێنەی چاو**
**بڕبڕەی پشت و کاسە سەر**
**کڵاوی کەریم خانی زەند**
**شیر و زرێی سەلاحەدین**
**مێژوو لینکەو پووتی بێ بەر**
**یەکەیەکە**
**پەندەکانی پەیمانی مۆرفینی سیڤەر**
**ئێسك و پرۆسکی بیاندەرتالی**
**ئەشکەوتەکانی شانەدەر**
**کێ کڕیارە؟**
**هەر چیم هەیە**
**هەمووی تاڵان فرۆش دەکەم**
**مەزاد..مەزاد**
**هەر چیم هەیە، هەمووی مەزاد**
**بە پارچەیەك پەرۆی سادە**
**کە هەڵبکرێ و بشێننەوە**
**لە سەر بستێك زەوی ئازاد**

Rw bar copyright 2010 All Reights Reserved
Created by Avesta Group